# لەبەر ئەوی کچیت فرێیت ئەدەم ....



رزگار کۆچەر.

فرمێسکەکانی لە رووم‌ەتە خرو سورەکەی وشك نەدەبوو , چاوە جوانەکانی لەگەل هەر دلۆپە فرمێسکێك وەك ئەستێرە دەتروسکایەوە , ئەو زمانی نەبوو تا دایك و باوانی بەنەعلەت کا , ئەو لەزمانی چوار دەوریشی تێ نەدەگەیشت کاتێك هەموو خەلکێ گەرەك بە گەورەو بچوکەوە هەولیان دەدا لە باوەشی بگرن بۆ ئەوەی بۆ چەند ساتێك بە ئارامی دوور بێت لە ئەوانەی تەنها لەبەر ئەوەی کچ بوو فرێیان دا ..

ئای کۆرپەکەم ئێمە لەچ زەمەنێك دەژین چ بریارێکی درنگە شەو  چارەنوسی من و تۆی خستە نێو مندالآ دانی رەحمی دایکمان , خۆ کەسمان بە ئیرادەی خۆمان لە دایك نەبووین خۆ بە دەستی خۆمان چارەنوسی خۆمان دەست نیشان نەکرد ...

دەنا کێ دەلێت تۆ رازی دەبوویت ئەم جۆرە باوك و دایکەت هەبێت ؟

بۆ فرێیان دایت ؟؟

تەنها لەبەر ئەوی کچ بوویت !!

تۆ خۆ نەت وتبوو با من کچ بم کور نەبم ...تۆ خۆ بە ئیرادەی خۆت دایك و باوکت بۆ خۆت دەست نیشان نەکرد تا ئەوان زۆر بێ بەزەییانە وەك زیادە گۆشتێك پاش ناوك برینەوە فێزت لێبکەن و فرێد بدەن , هۆ کچۆلە بچکۆلەکەی پاش سێ خۆشکی دایك و باوکت کەی زمانت دێتە قسە تا ئەو رۆژە بکەیتە شایدومانی فرێدانت , کەی ئەو رۆژە بە نەعەلەت دەکەیت کە تەنها لەبەر ئەوەی کور نەبوویت و کچ بوویت باوانت بێ ناز و بێ کەس تەنها لەگەل فتوو شیرێك فرییان دایت  !!

کۆرپکەم ...لەوەتەی فرمیسکە گوناهەکانی چاوانت قسەیان بۆ کردم , باوشە ساردو سۆلەکەت هەناسەی فێزبونەوە لە ژیانیان نیشان دام , پەنجەکانت نامە درۆ و بەهانە نا یاسایەکانی باوکتیان بۆ خوێندمەوە کاتێك لەکاتێ فرێدانت لە تەنیشتەوە دای نابوو , لەو کاتەوە هەموو شۆستەو شەقامەکانی شارم لێ بۆتە پێشکەیەك بۆ تۆ , تا دور بیت لەچاوی ئەوان لە لای لایە درۆزنەکانی ئەوانەی تۆیان هێنا ئەو دونایایەی کە ئێستا بۆ زۆربەمان دۆزەخە بۆ ئەوەی دور لە نامە پر فرمیسکە درۆزنەکانی باوکت بیت مەگری کۆرپەکەم  .

هۆ کچۆلەکە ئارم بە لە ئێستاوە شەیدا مەبە بۆ ئەو مەمکانەی نەیان هێشت تێر تێر لە مژینیان تێر بیت و زۆر درندانە فرێیان دایت ...مەگری بۆ باوەشی ئەوان

تێبینی -  ئەو وێنەی هاوپیچ لەگەل ئەم نووسینە بلاو کراوەتەوە وێنەی ئەو کچۆلەیە کە چەند رۆژێك پێش ئێستا لە گەرەکی دەواجن واتا تەنیشت وەزارەتی پیشمەرگە لە شاری هەولێر  زۆر بە گوناهی لە ناوەراستی شۆستەیەك زۆر بێ ناز  فریدرابوو , ئەو نامرۆڤەی ئەو مندالە حەوت تا هەشت مانگیەیان فرێدابوو بێجگە لە فتوو شیرێك کاغەزێکیشیان  جێ هێشتبوو کە تێیدا باسی هۆکاری فرێدانی کرابوو , لە دێری یەکەمی کاغەزەکە  ئەو نامرۆڤە نوسیبووی لەبەر ئەوەی پێشتر سێ کچم هەبووە و ئەوەش بووە کچی چوارەمم بۆیە بریارم دا فرێیبدەم چونکە من حەزم نەدەکرد کچم ببێت , لەبەشێکی تری نامەکە نوسراوە ئێستا کە فرێت ئەدەم چاوم پر لە گریانە بەلام حەز لەپەروەردەکردنی کچ ناکەم بۆیە بریارم دا فریدەبدەم ...